مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لەسەر ئاستی باڵا لە سلێمانی کۆدەبنەوە

کۆمەکیتر بە ئامادەبوونی بافڵ جەلال تاڵەبانی لە دەباشان مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لەسەر ئاستی باڵا لە سلێمانی کۆدەبنەوە یەکێك لە تەوەرە سەرەکییەکانی کۆبوونەوەکەش پرسی پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کەرکوك و نینەوایە.

میدیای فەرمی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان راگەیاند: "لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆی پێکهێنانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی کەرکوك و نینەواو هەبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکرێت".

پێشتر سەعدی ئەحمەد پیرە وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان راگەیاندبوو: "دەستپێکردنەوەی کۆبوونەوەکانی یەکێتی و پارتی لەئێستادا زیر گرنگە، بەتایبەت لەدوای ئاڵوگۆڕبوونی دۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق و ناوچەکە، بەتایبەتتریش لەدوای بڕیارەکانی دژی و شکستپێکدادان لەچەند پارێزگاو شوێنێکی هەرێم و هەوڵدان بۆ تێکدانی ئارامی و سنوور بۆزاندنی خاکی هەرێم".